وەزارەتـی نـــاوخـــۆ
ئـیدارەی گـــەرمیـان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە : ١٠٧٧
ڕێکەوت : ٢٢ / ٤ / ٢٠٢٤

بانگهێشتی گشتی

**کەمکردنەوەی نهێنی/ژمارە(GP.1- 2024) تەندەری پرۆژەی**

**( نـۆژەنکردنەوەی تـۆری کارەبـای ئیمـام محمـد , نـۆژەنکردنەوە و فراوانکردنـی تـۆڕی کارەبـای شـیخ لەنـگەر , کڕینـی کەرەسـتەی کارەبـایی بـۆ گەنجینـەی ب.دابەشـکردنی کارەبـای کفـری , دەرکردنـی فیـدەرێکی نـوێ بـۆ شـاری کفـری, گەیانـدنی کارەبـای بەردەوام بـۆ بەنـداوی بـاوە شاسـوار, ڕوونـاک کـردنەوەی شـەقامی دەروازەی شـاری کفـری,تەواو کردنـــی پـــڕۆژەی ڕوونـــاکی شـــەقامی پێشـــینەی شـــاری کفـــری , گـــۆڕینی بلاجکتـوری ڕوونـاکی ڕێگـای بـاوە شاسـوار و ڕوونـاکردنی گۆڕەپـانی سـەرەوەی بەنداوکـە , دروسـتکردنی بینای هۆبەی جاکسازی ڕووناکی وپالپشتی پیشەی(سەلامە صناعیە) )بۆ جاری دووەم**

**کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی کراوە**

ئاگـــاداری ســـــەرجەم بەڵێنـــــدەر و کۆمپانیاکـــــان دەکەیـــــنەوە کە تەنـــــدەر ی پـــــرۆژەی نـــــاوبراوی ســـــەرەوە هەیە , کە ئامـــــادەکراوە لە لایەن ( بەڕێـــــوەبەرایەتی دابەشـــــکردنی کارەبـــــای کفـــــری ) , لەســـــەر بـــــودجەی وەبەرهێنـــــانی وەزارەتـــی کارەبـــا بـــۆ ســـاڵی ٢٠٢٣ جێبەجـــێ دەکرێـــت , هەرکەس ئـــارەزووی بەشـــداری کردنـــی هەیە بـــا ســـەردانی ب.ژمێریـــــاری لە دیـــــوانی ئیـــــدارەکەمان بکـــــات بەمەبەســـــتی وەرگرتنـــــی تەنـــــدەر . مـــــاوەی جـــــێ بەجێکردنـــــی پرۆژەکە (٣٦٠) سێ سەد وشەست ڕۆژی تقویمی یە.

- ئەم کەمکردنەوە گشتی یە بەپێی ڕێنمایی جێ بەجێکردنی گرێبەستە حکومی یەکان ژمارە(٢) ساڵی (٢٠١٦) جێ بەجێ دەکرێت کە کراوەیە بۆ هەموو پێشکەش کارانی تەندەر .
- وەرگرتنـــی تەنـــدەر لە ڕۆژی ( چـــوار شـــەممە ٢٤ / ٤ /٢٠٢٤)ەوە دەســـت پـــێ دەکـــات تـــا ڕۆژی (پێـــنج شـــەممە ٩ / ٥ / ٢٠٢٤) کـاتژمێر ( ٩ )ی سـەر لە بەیـانی تـا ( ١١:٠٠ ) ی پـێش نیـوەڕۆ لە ئیـدارەی گەرمیـان بەرامـبەر بە ( ٣٠٠,٠٠٠) سـێ سـەد هەزار دینـار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کەم کردنەوەکەی بۆ دەردەچێت .
- دوا کاتی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی (یەک شەممە ١٢ / ٥ / ٢٠٢٤) کاتژمێر (١١:٠٠ )ی پـێش نیـوەڕۆ یە و ڕۆژی ئاشـکرا کردنـی تەنـدەر لە هەمان ڕۆژ کاتژمێر (١١:٠٠)ی پێش نیوەڕۆ یە و لە کاتی پشووی فەرمی دا دوا دەخرێت بۆ ڕۆژی دواتر.
- ئەکرێت پێش کڕینی تەندەر خوازیار بۆ بەشداری کردن سەیری بەڵگەنامەکانی تەندەر بکات.
- بەشداربوان بۆ هەر پرسیار و ڕوونکردنەوەیەك لەسەر تەندەری پرۆژەکە دەتوانن سەردانی ئیدارەی گەرمیان بکەن .
- مەرجەکان:

١- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کەبەشداری دەکەن پلەی پۆلێنکردنیان ( ١ تا ٣ ) بێت وە پێناسـی وەزارەتـی پـلان دانـان و یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان یان عێراقیان (ئەوانەی کە تۆمارن لە هەرێمی کوردستان ) هەبێت.

٢- بارمتەی یاسای بە بڕی ( ٧٣,٩٨٥,٠٠٠ ) حەفتا و سێ ملیۆن و نۆ سەد و هەشتا وپێنج هەزار دیناری عێراقـی دەبێـت بە چەکێکـی باوەڕ پێکراو ( مصدق ) یان دەستەبەری بانکی ( خطاب ضمان ) لە بانکیکی باوەر پێ کراو لە هەریمی کوردستان, بـۆ ئیـدارەی گەرمیان وە ناوی پرۆژەکەی لەسەر بنووسرێت ماوەی ( ١٢٠) سەد و بیست ڕۆژ بێت وەک بارمتەی تەندەر لە کاتی گەڕانەوەیدا

٣- ماوەی کار پێ کردنی تەندەرەکان ( مدة نفاذ العطاءات ) (٩٠) نەوەد ڕۆژە لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەرەوە دەست پێ دەکات .

٤- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان یان هەبێت کە هیچ کەم و کورتی یەکی یاساییان نیە .

٥- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن ئەستۆپاکی باجی دەرامەتی ساڵی (٢٠٢٤) یان هەبێت .

٦- فەرمانگەی گرێبەستکردن بۆی هەیە پرۆسەی تەندەرین پێش نووسراوی سپاردن بۆ بەرژەوەندی گشتی بە هۆکاری پێویست هەڵبووەشێنێتەوە .

٧- دەسەڵاتی گرێبەست پابەند نی یە بە قبوڵ کردنی کەمترین نرخی تەندەر.

**جلال نوری عبدالقادر**

**سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان/بەوەکالەت**